گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper35
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٤/٠٢/١٢
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٤/٠٥/٢٢
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# ئاستەنگی لێهاتووییەکانی وانەوتنەوەی (خوێندکاری مامۆستا) لە پرۆسەی پەروەردەی کرداری باخچەی منداڵان لە ڕوانگەی خۆیانەوە

**شاڵاو عبدالله ابراهیم**

shalaw.ibrahim@univsul.edu.iq

بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**

پەروەردەی کرداری بەشـێکی دیاری کەرەســتەکانی گۆڕەپانی پەروەردەی و دەروونییە لەلایەن بینین و پراکتیزەکردن نوێنەرایەتی دەکرێن، ئەوە کاریگەری ئەرێنی لەســـەر ئامادەکردنی مامۆســـتا هەیە، وەک وەرزی یەکەم تەرخانکراوە بۆ بینین کە لەم ماوەیەدا خوێندکاری مامۆستا لە نزیکەوە هەڵوێستی فێرکاری و هەنگاوەکانی وانەوتنەوەو ئامرازی فێرکاری و هەڵەســـەنگاندنی وانە فێردەبێت، هەروەها وەرزی دوەم تەرخـانکراوە بۆ پراکتیزەکردن لە بـاخچەکـانـدا، مـاوەکەی شـــەش هەفتە دەخـایەنێت، ئەمە دەرفەتی ڕاســتەقینەی ڕاهێنانە بۆ خوێندکاری مامۆســتا هەل دەرەخســێنێت بۆ دەرخســتنی تواکانیان، هەروەها لەم ماوەیەدا فێری چەندین تایبەتمەندی مامۆســـتایەتی و تایبەتمەندی باخچەی منداڵان دەبێت، کە لە داهاتودا دەبێتە ئەزمونێک بۆ وانەوتنەوە.

ئامانج لەم توێژینەوە دیاریکردنی ئاستەنگی لێهاتویی وانەوتنەوەی خوێندکاری مامۆستایە لە پرۆسەی پەروەردەی کرداری لە باخچەکانی ناوەندی شـاری سـلێمانی، کە سـەرجەمیان لە ڕەگەزی مێ پێکهاتبون هەروەها شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەپێی ناوەندە شیاو و کێشی سەدی. توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە بەپێی سروشتی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، ئامرازی توێژینەوەکەش پێوەرێک بو بەمەبەســتی دیاریکردنی ئاســـتەنگەکانی لێهاتویی وانەوتنەوە لای خوێندکارانی پەروەدەی بنەڕەت، کە

بریتیبو لە (٣٣) بڕگە و دابەشکرا بەسەر (٦) بواردا و پاش دڵنیابون لە جێگیری پێوەرکە بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا دابەشکرا. کە نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (٨٢) خوێندکاری مامۆستا، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئامار و داتا و زانیارییە کۆکراوەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، توێژەر پرۆگرامی (spss)ی بەکارهێناوە بۆ داتاکان، هەروەها ناوەندە شیاو و کێشی سەدی دەرهێناوە بۆ دیاریکردنی بەهێزی و لاوازی پێوەرەکە، لەکۆتاییدا توێژەر گەیشتە چەند دەرئەنجامێک:

١-ئاستی ئاستەنگەکانی لێهاتویی وانەوتنەوە پەروەردەی پراکتیکی لای خوێندکاری مامۆستا بەشێویەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە.

٢-بواری ئامرازەکانی فێرکردن و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و ستافی باخچەی منداڵان بەشێوەیەکی گشتی لای خوێندکاری مامۆستا لە ئاستێکی لاوازدایە، بەڵام بوارەکانی پلاندانان و کەسایەتی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە مامۆستا لە ئاستێکی بەزردایە.

**کلیلە وشە:** ئاستەنگ، لێهاتویی وانەتنەوە، مامۆستای خوێندکار، پەروەردەی کرداری، باخچەی منداڵان.

## پێشەکی:

هەمیشە شوێنێک بۆ پرۆگرامی پەروەردەی پراکتیکی لەناو پرۆگرامەکانی خوێندن لە کۆلێژە پەروەردەییەکان و کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەت هەیە، چونکە نوێنەرایەتی هەمو ئەو ئەزمون و شارەزاییانە دەکات کە خوێندکار ـ مامۆستا لەکاتی جێبەجێکردنی پەروەردەی پراکتێکی لەباخچەی منداڵان و قوتابخانەو خوێندنگەکاندا جێبەجێدەکات و پەیوەندی بەهەمو لایەنەکانی دۆخی فێربونەوە هەیە.

پەروەردەی پراکتیکی لەو دەرفەتەوە سەرچاوەی گرتوە، کە خوێندکار ــ مامۆستا هەنگاو بەرەو قۆناغێکی نوێ دەنێت، تێیدا لەیەکێک لە قوتابخانەکان پەروەردەی پراکتیکی جێبەجێدەکەن و لەڕێگەیانەوە ئەو زانست و لێهاتویی و بەهاو ڕەوتانەی، کە لەخولەکانی پەروەردەیی و دەرونی و ئەکادیمی بەشێوەی تیۆری بەدەستیانهێناوە بەشێوەی پراکتیکی لەناو باخچەی منداڵان و پۆلدا پراکتیزەیان دەکەن، پەروەردەی پراکتیکی دەرفەت بە خوێندکار ـــ مامۆستا دەدات کە لە پیشەکەیدا گەشەبکات، هەروەها لەڕێگەی هۆکارەکانی ڕونکردنەوە و فێرکردنی بچوک و ڕێنوینی تاکەکەسی و کۆبونەوە و چاوپێکەوتنی تاک و بەکۆمەڵ و بڵاوکراوەی پەروەردەیی و خەمی پەروەردەیی و لەڕێگەی کاردانەوەیەکی ئامانجدارەوە بەیارمەتی مامۆستای هاوکار و بەڕێوبەری باخچەکان و سەرپەرشتیاری پەروەردەی پەیدادەکەن، شارەزایی لەبواری فێرکردن و چۆنیەتی سەرپەرشتیکردنی فێرکردن وەردەگرن و توانای ڕاهێنانیان پێدەدات لەئەرک و ڕۆڵی فێرکردن لەپیشەی وانەوتنەوەیدا بە پلەی بەرزی کارامەیی و کاریگەر، سەرەڕای

پێشکەوتنی بەرچاو لەسیستەمی پەروەردەی و سیاسەت و پڕاکتیزەکردنی پەروەردەو فێرکردن، بواری پەروەردەی پڕاکتیکی (ڕاهێنانی مەیدانی) هێشتا پێویستی بە پێداچونەوەی زیاتر و پەرەپێدان و پێشکەوتن هەیە.

پەروەردەی پڕاکتیکی قۆناغی ئامادەکردنی زانستی خوێندکارانە وەک بەرپرسیارێتی خۆی لەناو باخچەی مندالاندا پەیوەستە بە بەرپرسیارێتی پراکتیزەکردن، لەلایەکیتریشەوە دەرفەتێکی دەگمەنە بۆ ئەوەی سود لە هەڵەکانی وەربگرێت، کە بەشێوەیەکی پرۆفیشنالانە بەرپرسیارنین. ئەوەندەی ئاڕاستەی چۆنیەتی مامەڵەی ئاشتیانەی لەگەڵ دەکرێت ئەم هەلانە هەندێجار پەیوەندییان بە زانست و پسپۆڕی تایبەتەوە هەیە و هەندێ جاریش بەلایەنی تەکنیکی فێرکردنەوە وەک پرۆسەی پڕاکتیکی و خۆگونجاندن بە پرۆسەی فێرکردن بەگشتی، خوێندکار ـــ مامۆستا لەڕێگەی ڕاهێنانی مەیدانییەوە شارەزایی پەیدادەکات و فێری هەڵوێستە فێرکاری و کەلێنە ئاڵۆز و ساکارەکان دەبێت، هەروەها ڕاهێنان یارمەتی خوێندکار ـــ مامۆستا دەدات بۆ ئەوەی زانیاری و تیۆری زانستی و پەروەردەی خۆی بگەڕێنێتەوە و لە نزیکەوە فێری تایبەتمەندییەکانی گەشەی منداڵ و گرفتەکانی ببێت و سروشتی کارگێری باخچەی مندالاندا دەزانێت و ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و لە گرنگی دۆزینەوەی پەیوەندی مرۆیی نێوان خۆی و سەرجەم ستافی باخچەی مندالان و نێوان خۆی و مندالان تێدەگات.

## ١- بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوە

### ١-١: کێشەی توێژینەوەکە

ئامادەکردنی مامۆستا یەکێکە لەو فاکتەرە گرنگانەی کە یارمەتیدەرە بۆ بەدیهێنانی هەستانەوەی پەروەردەی خوازراو، کە دەبێتە هۆی هەستانەوەی کۆمەڵگە لە هەمو ڕویەکەوە، مامۆستای بەتوانا ئەو مامۆستایە کە دەتوانێت ئامانجە پەروەردەییەکان بەشێوەیەکی کاریگەر و تەواو بەدەستبهێنێت و ئەو وڵاتانەی کە لە هەوڵی بەدەستهێنانی هەستانەوەی گشتگیردان لە هەمو بوارەکانی ژیان پێویستیان بە مامۆستایەکە، کە چەندین لێهاتویی هەبێت. لەوانە: پلاندانان و هەڵسەنگاندن و ڕێگای وانەوتنەوەی کاراو نوێ و بەڕێوەبردنی پۆل بەشێوەیەکی سەرکەوتو (سلێمان، ٢٠١٣، ١١٧)

لە ئەنجامی کارکردنی توێژەر و مامۆستایانی هاوپیشەی لە باخچەی مندالاندا و سەردانیکردنی، وەک سەرپەرشتیار بۆ باخچەی مندالان گفتوگۆکردن لەگەڵ (خوێندکاری مامۆستا) دەردەکەوێت، کە (خوێندکاری مامۆستا) ڕوبەڕوی چەندین ئاستەنگ و گرفت دەبنەوە لە ماوی (پەروەردەی کرداری)دا، کە کاریگەری دەبێت لەسەریان لە ماوەی (پەروەردەی کرداری) هەر لەڕوی نەبونی ئەزمون و شەرمکردن و

شـــــارەزابونی ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەشـــــێوەی تیۆری و پرۆگرام و ئامرازەکانی وانەوتنەوە و نەبونی کەرەســـتەی پێویســـت و نەزانینی کاتی ســـەردانی ســـەرپەرشـــتیارو و چەندین ئاســـتەنگی و گرفتیتر، کە ڕوبەڕویان دەبێتەوە. لێرەدا کێشەکە بەشێوەی پرسیار دەخەینەڕو:

١- ئایا ئاســـــتەنگییەکانی لێهاتویی وانەوتنەوە لە (پەروەردەی کرداری) لای (خوێندکاری مامۆســـــتا) لە باخچەی منداڵان بونی هەیە؟

## ١-٢: گرنگی توێژینەوەکە

لە ئەنجامی هەستکردن بە گرنگی وانەوتنەوە لەسـەرجەم قۆناغەکان و دامەزراوە پەروەردەییەکان هەر لە باخچەی منداڵانەوە تا ئاســـتی خوێندنی باڵا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانســـتی دەربارەی ئاســـــتەنگییەکانی لێهاتویی وانەوتنەوە گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە بەتایبەت لە لای (خوێندکاری مـامۆســـــتـا) کە وانەکـانیـان بە تیۆری خوێنـدەوەو لە مـاوەی (بەجێهێنـان) بەکرداری ئەنجـامی دەدەن لە ڕوانگەی خودی خۆیانەوە ئاســـــتەنگییەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە باســـــدەکەین ئەمەش گرنگی دەبێت بۆ مامۆســـتایان بە گشـــتی و (خوێندکاری مامۆســـتا)، کە ســـاڵانە ڕوبەڕوی چەندین ئاســـتەنگی دەبنەوە، ئەم توێژینەوەیە دەبێتە ســـــەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەو کەســـــانەی، کە دەیانەوێت ئاســـــتەنگەکانی وانەوتنەوە چارەســـەربکەن، هەروەها بۆ (خوێندکاری مامۆســـتا)، کە بە شـــێوازێکی باشـــتر ئەدای مامۆســـتایی بکەن و ســـــەرپەرشـــتیاران و بەڕێوەبەران و ســـــتافی باخچەکان، تاوەکو بە شـــــێوازێکی دروســـــتر مامەڵە لەگەڵ (خوێندکاری مامۆستا)دا بکەن.

## گرنگی پراکتیکی

گرنگی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە دروستکردنی پێوەرێکی زانستی گونجاو بەپێی مەرج و ڕێنماییە زانســـتییە تایبەتەکانی دروســـــتکردنی پێوەرەکان بۆ پێوانەکردنی ئاســـــتەنگییەکانی لێهاتویی وانەوتنەوەی پەروەردی کرداری خوێندکاری مامۆســـتای باخچەوە لە ڕوانگەی خۆیانەوە، کە پێوانەکردنی دەبێتە ڕێنیشـــاندەر لە داهاتودا بۆ زانینی چۆنییەتی وانەوتنەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا بەشـــێوەیەکی گونجاو و تەندروست پێکهێنانی کەسایەتیەکی هاوسەنگ و سەربەخۆ لە داهاتودا، توێژەران بەشێویەکی گشـتی دەتوانن سـودمەندبن لێی لە توێژینەوەی بابەتی نزیک و پەیوەندیدار لە بواری توێژینەوەی توێژەر لە داهاتودا.

### ١-٣: ئامانجی توێژینەوەکە

١ -زانینی ئاســـتەنگییەکانی وانەوتنەوە لای (خوێندکاری مامۆســـتا)ی باخچەی منداڵان لەڕوانگەی خوێندکاری مامۆستاوە.

٢- زانینی ئاســـتەنگییەکانی لێهاتویی وانەوتنەوە لای (خوێندکاری مامۆســـتا)ی باخچەی منداڵان بەپێی ناوەندە شیاو کێشی سەدی.

### ١-٤: سنوری توێژینەوەکە

بەگشتی سنوری توێژینەوە چەند لایەنێک لەخۆدەگرێت:

١-سنوری بابەتی: ئاستەنگییەکانی لێهاتویی وانەوتنەوە لە ماوی پەروەردەی کرداری (بەجێهێنان).

٢-ســـنوری مرۆیی: خوێندکارانی قۆناغی چوارەم (خوێندکار-مامۆســـتا)ی بەشـــی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی.

٣-سنوری کات: ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣).

٤-سنوری شوێن: باخچەی منداڵانی ناوەندی شاری سلێمانی.

### ١-٥ پێناسە کردنی چەمکەکان:

### ئاستەنگەکانی لێهاتویی وانەوتنەوە:

ئەو ئاســـتەنگانەن، کەدەبنە ڕێگر لەبەردەم گەیشـــتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان بەشـــێوەیەکی کارا و چالاک، کەلە کاتی پەروەردەی کرداریدا ڕوبەڕوی (خوێندکار-مامۆستا)دەبنەوە، کەبە شـێوەیەکی گشـتی پەیوەسـتە بە ئامادەکردنی (خوێندکار-مامۆســـتا)لە کۆلێژ، هەروەها لایەنی کـارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوە پەروەردەیەکان (باخچەکەوە)و ژینگە و هەندێکی پەیوەندی بە مامۆستای سەرپەرشتیار و پرۆگرامی خوێندن و ئامرازو پێویســـتیەکانەوە هەیە، کە ئەم ئاســـتەنگیانە بۆ گەیشـــتن بە ئامانجە پەروەردەییە پراکتییەکان و وانەوتنەوەو ئامانجە پەروەردەییەکان ئاستەنگ و ڕێگرن (المسعود،٢٠١٢: ٨).

**پێناســـەی ڕێککاری:** بریتییە لە ســـەرجەم کەموکورتی و ڕێگری و ئاســـتەنگیانەی لە پڕۆســـەی پەروەردەی کرداریدا ڕوبەڕوی خوێندکاری مامۆســـتا دەبێتەوە لەکاتی وانەوتنەوەدا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە خوێندکاری مامۆســـتا بەشـــێوەی ویســـتراوە نەتوانێت بەباشـــی ئەدای مامۆســـتایەتی بکات و ئامانجە پەروەردەییەکان بهێنەدی.

### خوێندکاری مامۆستا:

خوێندکاری قۆناغی چوارەمی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتییە بە درێژایی ماوەی دیاریکراوی بەجێهێنان لە دامەزراوە پەروەردەییەکان وانە دەڵێنەوە بەسەرپەرشتی مامۆستای پسپۆڕ لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی بە مەبەستی هەڵسەنگاندن، ڕاهێنان، پڕۆڤە و ئامادەکاری بۆ پیشەی مامۆستایەتی(زین العابدین،١٩٨٧: ٢٧٩).

**پێناسەی ڕێککاری:** بریتییە لەخوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، کەبۆ ماوەی ٤٥ ڕۆژ لەقۆناغی چوارەم بەشێوەیەکی فەرمی کرداری بەجێهێنان لەباخچەی منداڵاندا ئەنجام دەدەن.

## ٢-بەشی دووەم: چوارچێوی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشو:

### چوارچێوی تیۆری

### ٢-١ڕێگاکانی وانەوتنەوە:

ڕێگاکانی وانەوتنەوە یەکێکە لە گرنگترین پێکهاتەکانی پرۆسەی پەروەردە، لەبەر ئەوەی فاکتەری سەرەکی بەرجەستەبونی ئامانجە(مەعریفی و ڕەفتاری و سۆزدارییەکانە)، هەروەها فاکتەری سەرەکی پێشکەوتن و داهێنانە لە کایە و ڕەهەندەکانی ژیان، بەتایبەتی دوای ئەو هەمو داهێنانە مەعریفی و زانستییانەی لە ڕوی چەندایەتی و چۆنایەتی بەرجەستە بو، لە وڵاتانی پێشەکەوتو گرنگی زۆر بە ڕێگاکانی وانەوتنەوە دەدرێت، لەبەر ئەوەی هۆکار و ئامرازەکانی فێرکردن و تەکنەلۆژیای فێرکاری، فاکتەرێکی گرنگی گواستنەوەو گەیاندنی مەعریفەو زانیاری داهێنانە زانستییە فرەڕەهەندەکانن (قادر٢٠١٨، ١٥). هەروەها وانەوتنەوە چەندین تایبەتمەندی هەیە، لەوانە: لەلایەن مامۆستاوە پلانی پێشوەختی بۆ دانرابێت و هەڕەمەکی نەبێت، گونجاو بێت لە ڕوی کات و توانا و تێچونەوە، هەروەها گونجاو بێت لەگەڵ تایبەتمەندی فێرخوازان و توانای گەشەی عەقڵیان و پاڵنەری فێربون دروست بکات(محمود،٢٠٠٤، ٥٩). منداڵان ڕۆڵی تێدا بگێڕن و چالاکی ئەنجام بدەن بەسەرپەرشتی مامۆستا و ڕەچاو کردنی جیاوازی تاکایەتی، بەکارهێنانی ئامرازی ڕونکردنەوە تەکنەلۆژیای فێرکاری گونجاو، هەروەها پێکانی ئامانجە پەروەردەی و فێرکارییەکان(محمد،٢٠١٩، ٢٣).

### ٢-٢ئاستەنگەکانی لێهاتویی وانەوتنەوە:

سەرجەم ئەو ئاستەنگ و گیرو گرفتانە دەگرێتەوە، کە دەبنە ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم خوێندکاری مامۆستای باخچەی منداڵان هەر لە لێهاتویی لە ڕیگاو شێوازەکانی وانەتنەوە و ئاستی شارەزای زانستی

و زانینیی و پرۆگرامی خوێندن و بونی ئامڕازەکانی وانەتنەوەو پێداویستتیەکان و ژمارەی منداڵ و ژینگەی باخچەی منداڵان. هەروەها سەرجەم ئاستەنگی و بەربەستە هەستپێکراوانەیە، کە لە نێوان تاک و ئامانجەکانی دەوەستێت ناهێڵێت بە ڕزترین ئاستی توانایی گونجاندنی دەرونی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و فێربون بهێنێتەدی (الشريدة و عزالدين، ٢٠١٨: ١٨).

بۆیەکارێکی ئەستەمە مامۆستا بتوانیت یەک ڕیگای وانەتنەوە دیاری بکات بۆ وتنەوەی وانەکانی، چونکە ڕەنگە ئەو شێواز و ڕێگای وانەوتنەوەی مامۆستا بۆ وتنەوەی بابەت و وانەیەک دەیگرێتە بەر بۆ بابەت و وانەیەکی تر گونجاو نەبێ بۆ فێربون و فێرکردنی قوتابی یا منداڵانی باخچە(عەزیز،٢٠١٤: ١٧). ڕێگاکانی وانەتنەوە زۆر و جۆراوجۆرن و هەر یەکەیان خاڵی بەهێزو لاوازی خۆی هەیە، واتە تاوەکو ئێستا ڕێگایەکی گشتی سەرتاسەری نیە، کە بۆ هەمو وانەو قۆناغەکانی خوێندن گونجاو بێت، بەڵکو هەر یەکەیان بۆ بابەت و قۆناغێک زیاتر گونجاوە، مامۆستای سەرکەوتو ئەو کەسەیە، کە بۆ بابەت و قۆناغ و کاتی پێویست ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو هەڵبژێرێت و بە باشترین شێواز بابەتەکە بگەیەنێت (مستەفازادە،٢٠٢٢: ١٨٤)

## ٢-٣خوێندکار- مامۆستا:

خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتین، کە چەند بەشێکی جیاواز لە خۆ دەرگرن یەکێک لەو بەشانە بەشی باخچەی منداڵانە، کە بۆ ماوەی (٥٠-٦٠) ڕۆژ بەپێی نوسراوی فەرمی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بە هەماهەنگی وەزارەتی پەروەردە سەردانی باخچەی منداڵان دەکەن و لە ماوەی دیاریکراوی بەجێهێناندا ئەرکەکانیان، وەک (خوێندکاری مامۆستا) جێبەجێ دەکەن.

خوێندکاری مامۆستا لە خولی پەروەردەی کرداری بڕیار لێدراو بەشداره و ڕاهێنانی فیرکردنی مامۆستایەتی دەکات، وەک مامۆستا دەست بەکار دەبێت لە ماوەی دیاریکراودا بە شێوەی سەربەخۆ دەچیتە پۆل و ژوەکانی باخچەی منداڵان و ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ منداڵەکاندا دەبێت بە بێ سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرپەرشتیار و مامۆستا ئەمەش دەبێت زیاد بونی هەستی متمانە بە خۆبون و بەرزرکردنەوەی لێهاتویی و کارامەییە پەروەردەییەکان و وانەوتنەوە و ئاڕاستەی هەڵوێستیان بەرەو پیشەی فێرکردن(الياسری،٢٠١٩: ٢٥٩)

## ٢-٤بەجێهێنان (پەروەردەی کرداری- تطبيق)

مەبەست لە پەروەردەی کرداری ئەوەیە، کە خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو سەردانی دامەرزاوە پەروەردەییەکان (باخچەی منداڵان) دەکەن، وەک مامۆستا

وانەدەڵێنەوەو لەو ماوەدا لە كۆلێژ نامێنن و بە نوســـراوێكی فەرمی، وەک مامۆســـتا دەســـتبەكاردەبن و وانەدەڵێنەوە، وەک مـــامۆســـــتـــای ســــەرەكی مـــامەڵەی لەگەڵ دەكریـــت و ڕینمـــاییەكـــان دەیگرێتەوە. (قەرەچەتانی،٢٠١٤: ٢٥٢) لە ماوەی بەجێهێنان خوێندكاری مامۆســـتا ســـەرەتا بە هاوكاری مامۆســـتای ســـەرەكی وانەكە و بەڕێوەبەرایەتی باخچەی منداڵان هاوكاری ڕینمایی دەكرێت پاشـــان ســـەرجەم بابەتە تیۆرییەكانی، كە لە ڕێگەی ئەزمون و وانەكانی كۆلێژەوە بەدەســـتی هێناوەو خوێندویەتی بە شـــێوەی كرداری لە باخچەی منداڵاندا جێبەجی دەكات، پاشـان لەلایەن دو سـەرپەرشـتیاری پەروەردەی و زانسـتی سەردانی دەكرێت و هەڵسەنگاندنی بۆ دەكرێت و ڕێنمایی پێدەدرێت.

## ٢-٢-١: توێژینەوەكانی پێشو:

**خشتەی (١): توێژینەوەی یەكەم**

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | ئەو ئاستەنگیانەی، كە ڕوبەڕوی خوێندكارانی پەروەردەی كرداری دەبنەوە لە زانكۆی السرای تایبەت و لە زنكۆی الهاشمیە |
| ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | النعیمی،٢٠١٠ |
| ئامانجی توێژینەوە | -زانینی ئاســـتەنگەكانی بەردەم خوێندكارانی پەروەردەی كرداری لە كاتی بەجێهێنان - چارەســـەركردنی گرفت و ئاســـتەنگەكانی بەردەم خوێندكاری بەجێهینەر لە پرۆسەی پەروەردەی كرداری |
| میتۆدی توێژینەوە | وەسفی |
| كۆمەڵگەی توێژینەوە | ١٣٣خوێندكاری مامۆستا |
| نمونەی توێژینەوە | ٧٣خوێندكاری الهاشمیە، ٦٠ خوێندكاری زانكۆی السراء |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆرمی ڕاپرسی |
| ئامرازی ئاماری توێژینەوە | هاوكیشەی پێرسۆن و ناوەندە شیاو و كایسكوێر |
| گرنگرین دەرئەنجامی توێژینەوە | قەرەباڵغی پۆلەكانی خوێندن، دوری شـــوێنی نیشـــتەجێ بونی خوێندكاری مامۆستا لە ناوەندەكانی خوێندنەوە، نەوتنەوەی بابەتی پسپۆڕی . |

**خشتەی (٢): توێژینەوەی دوەم**

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | هەڵسەنگاندنی ئەدای خوێندکاری مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت زانکۆی دیالە لە ڕوانگەی پسپۆڕانەوە |
| ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | حمادي: عێراق، ٢٠١٩ |
| ئامانجی توێژینەوە | هەڵسەنگاندنی ئەدای خوێندکاری مامۆستا و دیاریکردنی ئاستی گرفتەکانیان لە کاتی وانەوتنەوەی خوێندکاری مامۆستا و پێشنیاری باشترکردنی. |
| میتۆدی توێژینەوە | وەسفی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوە | کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت زانکۆی دیالە |
| نمونەی توێژینەوە | ٩٣ خوێندکاری مامۆستا |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆرمی ڕاپرسی |
| ئامرازی ئاماری توێژینەوە | (مربع کای square – Chi هاوکێشەی پێرسۆن و ناوەندە شیاو) |
| گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوە | بونی جیاوازی ئەدای خوێندکاری مامۆستا بەپێی بەشە جیاوازەکان |

**خشتەی (٣): توێژینەوەی دوەم**

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | ئاستەنگە پیشەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی (بینین و پراکتیزە کردن) و پیشنیارەکانی چارەسەرکردنیان لە تێڕوانینی مامۆستایانی سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری قوتابخانەکانەوە. |
| ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | کریم: کوردستان – عێراق، ٢٠٢٣ |
| ئامانجی توێژینەوە | دیاریکردنی ئاستەنگە پیشەیەکانی لای خوێندکاری مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت و دۆزینەوەی چارەسەرەکانی |
| میتۆدی توێژینەوە | وەسفی |

| | |
|---|---|
| کۆمەڵگەی توێژینەوە | ٧٧٧ سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر و مامۆستای قوتابخانە بنەڕەتییەکان |
| نمونەی توێژینەوە | ٤٩٠ لە سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر و مامۆستای قوتابخانە بنەڕەتییەکان |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆرمی ڕاپرسی |
| ئامرازی ئاماری توێژینەوە | (مربع کای) square – Chi هاوکێشەی پێرسۆن و ناوەندی شیاو و لادانی پێوەر |
| گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوە | ئاستەنگە پیشەییەکان لە ئاستێکی بەرزدایە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت |

## ٢-٢-٢بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشو:

### لە ڕوی سنوری توێژینەوە:

سـنوری توێژینەوەی (النعیمی،٢٠١٠) بریتییە لە ئاسـتەنگەکانی کە ڕوبەڕوی خوێندکارانی پەروەردەی کرداری زانکۆی الاسـرای تایبەت لە الهاشـمیە دەبنەوە، بەڵام توێژینەوەی (حمادی، ٢٠١٩) هەڵسـەنگاندنی ئەدای خوێندکاری مامۆستا و دیاریکردنی ئاستی گرفتەکانیان لە کاتی وانەوتنەوەی خوێندکاری مامۆستا و پێشـنیاری باشـترکردنی. توێژینەوەی (کریم،٢٠٢٣) ئاسـتەنگە پیشـەییەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی چەرمو و زانکۆی سلێمانی لە بابەتی (بینین و پراکتیزەکردن)

### لە ڕوی میتۆدەوە:

هەر سێ توێژینەوەی (النعیمی ٢٠١٠)، (حمادی، ٢٠١٩)،(کریم٢٠٢٣) میتۆدی وەسفیان بەکارهێناوە و ئەم توێژینەوەش هەمان میتۆدی بەکارهێناوە.

### لە ڕوی ئامانجی توێژینەوە:

لەڕوی ئامانجەوە ئامانجی توێژینەوەکان لەیەکتری جیاوازە،ئامانجی توێژینەوەی (کریم ٢٠٢٣) بریتییە لە دیاریکردنی ئاسـتەنگە پیشـەیەکانی لای خوێندکاری مامۆسـتا لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت و دۆزینەوەی چارەسـەرەکانی،ئامانجی توێژینەوەی (حمادی ٢٠١٩) بریتییە لە هەڵسـەنگاندنی ئەدای خوێندکاری مامۆسـتا و دیاریکردنی ئاسـتی گرفتەکانیان لە کاتی وانەوتنەوەی خوێندکاری مامۆسـتا و پێشـنیاری باشـترکردنی. ئامانجی (النعیمی،٢٠١٠) بریتییە زانینی ئاسـتەنگەکانی بەردەم خوێندکارانی پەروەردەی کرداری لە کاتی بەجێهێنان و چارەسـەرکردنی گرفت و ئاسـتەنگەکانی بەردەم خوێندکاری

بەجێهێنەر لە پڕۆســـەی پەروەردەی کرداری ئامانجی توێژینەوەش دیاریکردنی ئاســـتەنگەکانی لێهاتویی وانەوتنەوەیە لای خوێندکاری مامۆستا لە پڕۆسەی پەروەردەی کرداریدا.

**لە ڕوی کۆمەڵگەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەی (کریم، ٢٠٢٣) بریتییە لە٧٧٧ سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر و مامۆستای قوتابخانە بنەڕەتیەکان، توێژینەوەی (حمادی، ٢٠١٩) بریتییە لە ١٣٣خوێندکاری مامۆستا. توێژینەوەی (النعیمی،٢٠١٠) بریتییە لە خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت الاســـراء – الهاشـــمی، ئەم توێژینەوەش کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە (٨٧) خوێندکاری مامۆستای باخچەی منداڵان لە زانکۆی سلێمانی.

**لە ڕوی نمونەی توێژینەوە**

نمونەی توێژینەوەی (کریم، ٢٠٢٣) بریتییە لە ٤٩٠ لە سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر و مامۆستای قوتابخانە بنەڕەتیەکان، نمونەی توێژینەوەی (حمادی، ٢٠١٩) بریتییە لە ٩٣ خوێندکاری مامۆســـتای کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی دیالە. نمونەی توێژینەوەی (النعیمی،٢٠١٠) بریتییە لە ٧٣خوێندکاری الهاشمیە، ٦٠ خوێندکاری زانکۆی الســـراء، ئەم توێژینەوەش نمونەی توێژینەوەکەی بریتییە لە (٨٣) خوێندکاری مامۆستای باخچەی منداڵان.

**لە ڕوی ئامڕازی توێژینەوە:** هەر ســـێ توێژینەوەی (کریم، ٢٠٢٣)، (حمادی، ٢٠١٩) و (النعیمی،٢٠١٠) فۆرمی ڕاپرسیان بەکارهێناوەو ئەم توێژینەوەش فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە.

## ٣-بەشی سێیەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوە

### ٣-١میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی (وەســـفی چەندییتی)یە، بۆ (ئاســـتەنگەکانی لێهاتویی وانەوتنەوەی (خوێندکاری مامۆســـتا) لە باخچەی منداڵان لە ڕوانگەی خۆیانەوە)، لەگەڵ ئەوەشـــدا پەنا بردنە بەر بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە سروشتی توێژینەوەکە وادەخوازێت ئەم میتۆدە بەکاربهێنرێت. ئەم جۆرە میتۆدە لە بڵاوترین جۆرەکانی توێژینەوەیە، کە بەکاردەهێنرێت بە ئامانجی دیاریکردنی دۆخی هەنوکەیی دیاردەیەکی دیاریکراو.

### ٣-٢: کۆمەڵگەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی باخچەی منداڵان –کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی کە ژمارەیان (٨٧) خوێندکار بو، کە لە باخچەی منداڵان وەک (خوێندکاری مامۆستا) بەجێهێنان کردوە.

### ٣-٣نمونەی توێژینەوە:

نمونە توێژینەوە بەشێکە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کە خوێندکارانی قۆناغی چوارەمی بەشی باخچەی منداڵانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی کەژمارەیان(٨٢) خوێندکاری بەیانیان و ئێواران بو، کە سەرجەمیان لەڕەگەزی مێ بون.

### ٣-٤: ئامرازەکانی توێژینەوە

**٣-٤-١ ئامرازی توێژینەوەکە**ئەم برگەیە یەکێکە لە پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە ئەم ڕەگەزانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت.

**فۆرمی ڕاوەرگری بۆ پێوەری ئاستەنگەکانی وانەوتنەوەی (خوێندکاری مامۆستا)**

لە دوای گەڕان و بەدواداچونەکانی توێژەردا بە سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشودا بۆ گۆڕاوی ئاستەنگی لێهاتویی وانەوتنەوەی (خوێندکاری مامۆستا) توێژەر سودی لە چەند سەرچاوەیەکی زمانی کوردی و عەرەبی وەرگرتوە لە ئامادەکردنی پێوەرەکەدا، بۆ ئامادەکردنی پێوەرەکە توێژەر بە توێژینەوەکانی پێشوتردا چوەوە، کە پەیوەندییان بە گۆڕاوی (وانەوتنەوەی (خوێندکاری مامۆستا)ەوە هەیە، دواتر سودی لە پێوانەی (کریم، ٢٠٢٣)، (حمادی، ٢٠١٩) و (النعیمی،٢٠١٠) وەرگرت، لە کۆی سودوەرگرتن لەو توێژینەوانە توێژەر توانی (٣٦) برگە دابرێژێتەوە بە شێوەیەک، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئامانج و سنوری توێژینەوەکەدا، کە وەڵامی برگەکان بریتیبون لە: (بەڵی، تاڕادەیەک، نەخێر) دواتر بۆ گونجاندنی پێوانەکە لەگەڵ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە چەند هەنگاوێک ئەنجامدرا.

### ٣-٤-٢: ڕاستگۆیی

مەبەست لە ڕاستی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە، ئایا ئامرازەکە لە ڕوکەش و ڕواڵەتدا تاچەند دیاردەکە دەپێوێت، بۆ ئەو مەبەستەش برگە و پرسیارەکان نیشانی چەند کەسێکی پسپۆر و شارەزای بوارەکە دەدرێت، بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لەسەر یەکەبەیەکەی دەربڕن، بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژەر پەنایبردە بەر ڕاوبۆچونی شارەزایان، بۆ ئەو مەبەستە پێوانەکە خرایە بەردەست (٧) شارەزا و پسپۆڕی

(ڕێگـاکـانی وانـەوتنـەوە، دەرونزانی پەروەردەیی، فەلســـەفەی پەروەردە و ئەدەبی منـدالآن)، هەروەک لەپاشـــکۆی (١) ڕونکراوەتەوە، داوایان لێکراوە ڕاو بۆچونی خۆیان ســـەبارەت بەگونجاوی برگەکان و بژاردەکان دەرببڕن و هەر گۆڕانکارییەک پێیان باشـە پێشـنیازیبکەن دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان، بەپێی بۆچونی شـــارەزایان تەنها ئەو برگانە مانەوە، کە ڕێژەی ڕێککەوتن لەســـەر مانەوەیان، یاخود لابردنیان (%٩٣) بو، بەم شـــێوەیە لەکۆی (٣٣) برگە ســـەرجەمیان مانەوە ســـەرباری بونی هەندێک تێبینی و چاککردنیان لەلایەن توێژەرەوە و ڕاســتی گشــتی فۆرمی ڕاوەرگری ئاســتەنگەکانی لێهاتویی وانەوتنەوە (%٩٥) بو.

### ٣-٤-٣: جێگیریی

توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگیریی پێوانەکەی چەند ڕێگەیەکی بەکارهێنا وەک:

#### یەکەم: ڕێگەی تاقیکردنەوە و دوبارە تاقیکردنەوە

لەم ڕێگەیەدا ئامرازی توێژینەوەکە، دو جار بەســـەر هەمان ســـامپڵدا جێبەجێ دەکرێتەوە بەمەرجێک ماوەی زەمەنیان لە (١٤) ڕۆژ کەمتر نەبێت، دواتر ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەســـتماندەکەوێت ڕادەی جێگیری پێوانەکە نیشـــاندەدات، جێگیری پێوانەکە بەشـــێوەی (Test-retest)، بۆجاری یەکەم لەڕێکەوتی (١٨/ ٢٠٢٣/٢) پێوانەکە بەســـەر (٢٠) خوێندکار جێبەجێکرا، کە بەشـــێک بون لەکۆمەڵگەی توێژینەوە، پێکهاتبون لەڕەگەزی مێ، دوای تێپەڕبونی (١٦) ڕۆژ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/٤) دوبارە پێوانەکە لەســـەر هەمـان نمونە جێبەجێکرایەوە، دواتر پەیوەنـدی لەنێوان ئەنجـامی یەکەم و دوەم لەڕێگەی هـاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (pearson) دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دوەم بریتیە لە (٩٤٣,٠) ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە جێگێری پێوانەکە بەرزە.

#### دوەم: ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ

توێژەر جێگیری پێوانەکەی بەڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ دۆزییەوە، کە یەکێکە لەڕێگەکانی دەســتنیشــانکردنی گونجاندنی ناوەکی، پاش جێبەجێکردنی پێوانەکە بەســـەر (٢٠) خوێندکار نمونەی ســـەرەتایی دەرکەوت، ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بریتییە لە (٠,٩٣) ئەمەش جێگیریەکی بەرزە.

### ٣-٤-٤: ئامرازە ئامارییەکان

ســـود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانســـتە کۆمەلایەتییەکان ڤێرژنی(٢٥) وەرگیراوە بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامرازە ئامارییانەی خوارەوە:

**١-تاقیکردنەوەی (t) بۆیەک نمونە (One Samples T-Test).**

**٢-هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person Correlation Coefficient)**

**٣-ئەلفا-کرۆنباخ (Alpha Cranach's)**

## ٤-بەشی چوارەم: ئەنجام و گفتوگۆ و ڕاڤەکردن و ڕاسپاردە

١. ئامانجی توێژینەوەکە: ئەم بەشـــە، خســـتنەڕو و شـــیکردنەوەی ئەو ئەنجامانەیە، کە توێژینەوەکە پێیگەیشـــتوە و لەبەر ڕۆشـــنایی ئامانجە دیاریکراوەکان ڕاڤەکراوە، بۆ ئەو مەبەســـتەش توێژەر لە کاتی شیکردنەوەکەدا ئەم هەنگاوانەی پێڕەوکردوە.

١-زانینی ئاستی ئاستەنگەکانی لێهاتویی وانەوتنەوە لای خوێندکاری مامۆستا لە پەروەردەی کرداریدا.

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ یەک نمونە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS)، لە ئەنجامدا دەرکەوت نرخی (t) هەژمارکراو (٣٤,٥٩٧) گەورەترە لە نرخی (t) خشـــتەیی (١,٩٩)، بە نمرەی ئازادی (٨١) و ناوەندە گریمانەیی (٦٦) و لادانی پێوەری (١١,٠٤٨٣٧) و لە ئاســـتی بەڵگەداری (٠,05) هەروەک لە خشـــتەی (٧) ڕونکراوەتەوە، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت، ئەمە ئەوە دەردەخات، کە ئاســـتەنگەکانی وانەوتنەوەی (خوێندکاری مامۆســـتا) لە ئاســـتێکی بەرزدایە لەڕوانگەی خۆیانەوە.

**خشتەی ژمارە (٥)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی (یەک نمونە) بەشێوەیەکی گشتی**

| ساڵی ٢٠٢٣- | نمونە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| | ٨٢ | ١٤٩,١٤ | ١١,٠٤ | ٨١ | ٦٦ | ٣٤,٥٩٧ | ١,٩٩ | بەڵگەدارە |

وەک لە خشـــتەی ژمارە (٥) دا دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی بەهای (t)هەژمارکراو (٣٤,٥٩٧) گەورەترە لە بەهای (٩٩,١) خشـــتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە ئاســـتی ئاســـتەنگەکانی لێهاتویی وانەوتنەوە لای

خوێندکاری مامۆســـتا لە پەروەردەی کرداریدا لە ئاســـتێکی بەرزدایە لای خوێندکاران خۆیانەوە (نمونەی توێژینەوەکە) بەشـــێوەیەکی گشـــتی لە ئاســـتێکی بەرزدایە، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی تاکانی نمونەی توێژینەوە خاوەنداریێتی ئاراســـتەیەکی ئەرێنی دەکەن بەرامبەر ئاســـتەنگەکانی وانەوتنەوەی (خوێندکاری مامۆســتا)، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئاســتەنگی لە پرۆســەی پەروەردەی کرداریدا بونی هەیە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بونی ئاســـتەنگی لە چەندین بواری، وەک پلاندانان، ڕێگاکانی وانەوتنەوە، ســـتافی باخچەی منداڵان، کەســـایەتی خوێندکاری مامۆســـتا، ئامراز و هۆیەکانی فێرکردن و سەرپەرشتیاران، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر لێهاتویی وانەوتنەوە لای خوێندکاری مامۆستا، کە پێویستە چارەسەربکرێت ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی توێژینەوەی (کریم، ٢٠٢٣)یە.

ئامانجی دوەم: هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی پێوەری وانەوتنەوەی (خوێندکاری مامۆستا) بەپێی ناوەندە شیاو و کێشی سەدی لەڕوانگەی خۆیانەوە.

١-وەڵام دانەوەی مامۆستایان ڕێکخرا بەپێی ناوەندی شیاو لە گەورەوە بۆ بچوک.

٢-توێژەر سێ ڕەهەندەیان دانا (بەڵێ، تاڕادەیەک، نەخێر).

## یەکەم: بواری پلان

**خشتەی (٦) ناوەندە شیاو و کێشی سەدی پلاندانان**

| پلە | ژ | بواری پلاندانان | ناوەندە شیاو | کێشەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | ١ | شارەزایت لە دانانی پلانی ڕۆژانەدا هەیە؟ | ٢,0040 | ٦٦,798 |
| ٢ | ٢ | ئامانجی گشتی و تایبەتی دەخەیتەڕو؟ | ٢,1312 | ٧١,038 |
| ٣ | ٣ | پابەندبویت بە دابەشکردنی کات؟ | ٢,1025 | ٧٠,٠٧٨ |
| ١ | ٤ | توانای جێبەجێکردنی پلانەکەت هەیە؟ | ٢,١٤ | ٧١,٥٥٥ |
| | | تێکرا | ٢,٠٩٤٤ | ٦٩,٦١ |

وەک لەم خشتەی ژمارە (٦) دەردەکەوێت، تێکڕای ناوەندە شیاو کێشی سەدی (٢,٠٩٤٤) و (٦٩,٦١) بەم شێوەیە دەردەکەوێت، سەرجەم برگەکانی بواری پلاندانان بەهێزن و ئاستەنگیان نییە، چونکە لە وانەکانی

بەشــی باخچەی منداڵان گرنگی بە فێرکردن و شــارەزابونی خوێندکارانی بەشــەکە بەشــێوەیەکی زانســتی دەدرێت، تــا بتوانن پلان دابنین و جێبەجێیبکەن لە بــاخچەکانــدا، هەروەهــا خوێندکــاران لە وانەی بینین و پراکتیزەکردن لەلایەن ستافی باخچەکانەوە هاوکاری دەکرین لە دانانی پلان و جێبەجێکردنیدا.

## دووەم: بواری کەسایەتی خوێندکاری مامۆستا

**خشتەی (٧) ناوەندی شیاو و کێشی سەدی کەسایەتی خوێندکاری مامۆستا**

| پلە | ژ | بواری کەسایەتی خوێندکاری مامۆستا | ناوەندە شیاو | کێشەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | متمانەی تەواوت بە خۆت هەبو لە کاتی وانەوتنەوەدا؟ | ٢,٢٩ | ٧٦,٣٣ |
| | ٢ | پابەندی تەواوت هەبو بە ئاکارەکانی پیشەی مامۆستا؟ | ٢,٢٩ | ٧٦,٣٣ |
| ٢ | ٣ | توانای ڕاکێشانی سەرنجی منداڵانی باخچەت هەبو؟ | ٢,٢٨ | ٧٦ |
| ٤ | ٤ | توانای پەیوەندی گرتنی دروستت هەبو لەگەڵ ستافی باخچەی منداڵان؟ | ١,٩ | ٦٠,١١ |
| ٥ | ٥ | دڵەڕاوکێت هەبو وەک مامۆستایەکی نوێ؟ | ١,٨ | ٦٠ |
| ٣ | ٦ | هەستت بە بەرپرسیارێتی دەکرد لە باخچەی منداڵاندا؟ | ٢,١٤ | ٧١,٣٣ |
| | | تێکرا | ٢،١١٦ | ٧٠،٠١ |

وەک لەم خشتەی ژمارە (٧) دەردەکەوێت، تێکڕای ناوەندە شیاو کێشی سەدی (٢,١١٦) و (٧٠,٠١)ە بەم شێوەیە دەردەکەوێت، بڕگەکانی (١-٢-٣-٦) بەهێزن، بەڵام بڕگەکانی (٤-٥) لاوازن و خوێندکاری مامۆستا ڕوبەڕوی گرفت و ئاســـــتەنگی دەبنەوە چونکە توانای پەیوەندیگرتنی دروســـــتیان نەبوە لەگەڵ ســـــتافی باخچەی منداڵان، هەروەها دڵەڕاوکێیان هەبوە وەک مامۆســتایەکی نوێ لە باخچەکاندا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ســەرەتان و ئەزمونیان کەمە وەک مامۆســتایەک لە باخچەکاندا و بۆیە توشــی ئاســتەنگ و دڵەڕاوکێ دەبنەوە.

## سێیەم: بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە

### خشتەی (٨) ناوەندی شیاو و کێشی سەدی ڕێگاکانی وانەوتنەوە

| پلە | ژ | بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە | ناوەندە شیاو | کێشەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | ١ | شارەزایت لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانی وانەوتنەوەدا هەیە؟ | ٢,٠٨ | ٦٩,٣٣ |
| ٤ | ٢ | زۆری منداڵەکان کاریگەری هەبو لەسەر بەکارهێنانی ڕێگای وانەوتنەوەی جیاواز؟ | ١,٩٢ | ٦٤ |
| ٣ | ٣ | خوێندنی وانەکانی زانکۆت کاریگەری هەبو لەسەر بەکارهێنانی ڕێگای گونجاو لە باخچەی منداڵاندا؟ | ٢,٠٣ | ٦٧,٦٦ |
| ٥ | ٤ | توانای بەستنەوەی وانەکان بە واقعی ژیانی منداڵەوە هەبو؟ | ١,٦٥ | ٦١,١٥ |
| ١ | ٥ | باسی نمونەی دەرەکیت بۆ منداڵان کردوە؟ | ٢,١٥ | ٧١,٦٦ |
| | | تێکرا | ٢،١١ | ٦٧،٧٦ |

وەک لەم خشتەی ژمارە (٨) دەردەکەوێت، تێکڕای ناوەندی شیاو کێشی سەدی (٢,١١) و (٦٧,٧٦) بەم شێوەیە دەردەکەوێت، بڕگەکانی (١-٣-٥) بەهێزن و شارەزایان لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانی وانەوتنەوەدا هەیە، بەڵام بڕگەکانی (٢-٤) لاوازە، کە ناوەندە شیاو و کێشی سەدیان بریتییە (١,٩٢)، (٦٤)، (١,٦٥)، (٦١,١٥)یە چونکە زۆری ژمارەی منداڵانی باخچە کاریگەری هەبوە لەسەر بەکارهێنانی ڕێگا جیاوازەکانی وانەوتنەوە، هەروەها بچوکی ژور و پۆلەکانی باخچە ڕێگربون لە بەردەم جێبەجێکردنی ڕێگا جیاوازەکانی وانەوتنەوە، هەورووەها بە هۆی کەمی ئەزمون و شارەزاییەوە توانای بەستنەوەی وانەکەیان نەبوە بە واقیعی ژیانی منداڵانەوە ئەمەش بە تێپەڕبونی کات و وانەوتنەوەیان لە باخچەکاندا و خوێندنەوەیان لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا چارەسەردەبێت.

## چوارەم: بواری ئامرازەکانی فێرکردن

### خشتەی (٩) ناوەندی شیاو و کێشی سەدی ئامرازەکانی فێرکردن

| پلە | ژ | بواری ئامرازەکانی فێرکردن | ناوەندە شیاو | کێشەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | ١ | بەپێی پێویست کەرەستە و ئامرازە فێرکارییەکان بەردەستن؟ | ١,٨٩ | ٦٣ |
| ١ | ٢ | شارەزایت لە بەکارهێنانی ئامرازە فیرکارییەکان هەبو؟ | ٢,٠٥ | ٦٨,٣٣ |
| ٣ | ٣ | تەکنەلۆژیای نوێت بۆ ڕونکردنەوەی یەکەو بابەتەکان بەکاردەهێنا؟ | ١,٦٦ | ٦١ |
| ٤ | ٤ | ئامراز و کەرەستە فێرکارییەکان گونجاو بون بۆ ئاستی منداڵان؟ | ١,٥٦ | ٦٠ |
| | | تێکڕا | ١,٨٠ | ٦٣،٠٨ |

وەک لەم خشتەی ژمارە (٩) دەردەکەوێت، تێکڕای ناوەندی شیاو کێشی سەدی (١,٨٠) و (٦٣,٠٨) بەم شێوەیە دەردەکەوێت، سەرجەم بڕگەکانی بواری ئامرازەکانی فێرکردن لە ئاستێکی نزمدایە واتە ڕوبەڕوی گرفت و ئاستەنگی بونەتەوە، چونکە بەپێی پێویست ئامرازەکانی فێرکردن و هۆیەکانی فێرکردن بەردەست نییە و تەکنەلۆژیای نوێ بۆ ڕونکردنەوەی یەکەو بابەتەکان بەپێی پێویست بەردەست نەبوەو گونجاونەبوە بۆ ئاستی منداڵان، جگەلە بڕگەی (٢)، کە ناوەندی شیاو کێشی سەدی بریتییە لە (٢,٠٥)، (٦٨,٣٣)، کە خوێندکاری مامۆستا شارەزای هەبوە لە بەکارهێنانی ئامرازە فیرکارییە سەرەتاییەکان.

## پێنجەم: بواری سەرپەرشتیار

### خشتەی (١٠) ناوەندی شیاو و کێشی سەدی سەرپەرشتیار

| پلە | ژ | بواری سەرپەرشتیار | ناوەندە شیاو | کێشەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ١ | ڕانەگەیاندنی کاتی سەردانی سەرپەرشتیار بۆ لای خوێندکاری مامۆستا؟ | ١,٤٩ | ٦٤ |
| ٥ | ٢ | هاتنە ژورەوەی سەرپەرشتیار لە نیوەی وانەکەدا توشی گرفتت دەکات؟ | ١,٨ | ٦٠,٠١ |
| ٢ | ٣ | مامەڵەکردن لەگەڵ سەرپەرشتیار گران و قورسە؟ | ٢,٠٣ | ٦٧,٦٦ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | ٤ | دروســــتبونی دڵەڕاوكی لە كاتی هاتنە ژورەوەی ســــەرپەرشــــتیاری پەروەردەی؟ | ١,٩٢ | ٦٣,٢ |
| ١ | ٥ | دەستتێوەردانی سەرپەرشتیار لە كاتی وانەوتنەوەدا؟ | ٢,٠٨ | ٦٩,٣٣ |
| | | تێكرا | ١,٩٧ | ٦٤,٨٢ |

وەك لەم خشتەی ژمارە (١٠) دەردەكەوێت، تێكڕای ناوەندە شیاو كێشی سەدی (١,٩٧) و (٦٤,٨٢) بەم شـــێوەیە دەردەكەوێت بڕگەی(٣-٥) بەهێزە، چونكە خوێندكاری مامۆســـتا توانای مامەڵەكردنی لەگەڵ سەرپەرشتیار لە ئاستیكی باشدا بوە، چونكە هەمان مامۆستایانی بەشی خۆی بون و تاڕادەیەك ئاشناییان بە یەكتری هەبوەو سەرپەرشتیار ڕاستەوخۆ لەكاتی وانەتنەوەی بەجێهێنان دەستیوەردانی نەكردوە، بەڵكو تێبینییەكانی لەســـەر دەفتەری پلان نوســـیوە و پاش تەواوكردنی وانەكەی ڕێنمایی بۆ باشـــتركردنی ئەدا خوێندكاری مامۆستا پێشكەشكردوە. بەڵام بڕگەكانی (١-٢-٤) لاوازن و ئاستەنگیان دروستكردوە، چونكە كاتی سەردانی سەرپەرشتیار بۆ باخچەكان دیاریكراو نییە، ئەمەش خوێندكاری مامۆستا توشی دڵەڕاوكێ دەكات و هەندێك كات ســـەرپەرشـــتیار بەهۆی ســـەرقاڵییەوە، یان پابەندنەبون بە خشـــتەی خوێندكاری مامۆستاوە لە كاتی وانەكەدا دەچێتە ژورەوە بۆ هەڵسەنگاندنی، ئەمەش دەبێتە هۆی شڵەژانی خوێندكاری مامۆستا.

## شەشەم: بواری ستافی باخچەی منداڵان

**خشتەی (١١) ناوەندی شیاو و كێشی سەدی ستافی باخچەی منداڵان**

| پلە | ژ | بواری ستافی باخچەی منداڵان | ناوەندە شیاو | كێشەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | ١ | متمانەنەبون لەلایەن ستافی باخچەوە بە خوێندكاری مامۆستا | ١,٨٩ | ٦٤ |
| ٦ | ٢ | ڕەچاونەكردنی لایەنی دەرونی خوێندكاری مامۆستا | ١,٨٠ | ٦١,٥٦ |
| ٢ | ٣ | هاوكارینەكردنی مامۆستای پێشوی وانەكە | ٢,١٢ | ٦٩,٠٢ |
| ٧ | ٤ | هاوكارینەكردنی بەڕێوەبەرایەتی باخچەكە | ١,٧٢ | ٦٠,٠٢٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | ٥ | بەشـــداری پێنەکردنی خوێندکاری مامۆســـتا لە کۆبونەوەو چالاکییەکانی باخچە. | ١,٩٠ | ٦٣,٦٠ |
| ١ | ٦ | ڕێزنەگرتن، وەک مامۆستایەکانی تری باخچەکە. | ٢,٢٦ | ٧١,٣٣ |
| ٣ | ٧ | نەبونی سزای گونجاو لەگەڵ منداڵەکان. | ١,٩٢ | ٦٣,٨٠ |
| | | تێکرا | ١,٩٤ | ٦٤,٦١ |

وەک لەم خشتەی ژمارە (١١) دەردەکەوێت، تێکڕای ناوەندی شیاو کێشی سەدی (١,٩٤) و (٦٤,٦١) بەم شـێوەیە دەردەکەوێت، بڕگەکانی(٣،٦)، بەهێزن، چونکە هاوکاریان کراوەو ڕیزیان لێگیراوە، بەڵام بڕگەکانی (١-٢-٤-٥-٧) لاوازن واتە ئاسـتەنگی و بەرەبەسـت بونی هەبوە، چونکە متمانەی تەواویان بە خوێندکاری مامۆسـتا نەبوە لەسـەرجەم لایەنەکانەوە، چونکە ئەزمون و شـارەزاییان کەمە، وەک مامۆسـتایەک نین، کە چەند ساڵە وانە دەڵێنەوەو ئەزمونیان هەیەو لەناو خۆیاندا متمانەیان هەیە، هەروەها نەبونی سزای گونجاو بۆ منداڵەکان، کە دەبنە هۆی گیروگرفت لە باخچەکەدا بۆ مامۆســتایانی خوێندکار، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانەوە بەپێی پێویست ئاسانکارییان بۆ نەکراوە لەمەشدا بۆمان دەردەکەوێت بواری ستافی باخچەی منداڵان پێویستە هەنگاوی زیاتر بنێت بۆ هاوکاریکردن و چارەسەرکردنی ئاستەنگیەکان.

## دەرئەنجامی توێژینەوە:

١-ئاســـتی ئاســـتەنگەکانی لێهاتویی وانەوتنەوە پەروەردەی پراکتیکی لای خوێندکاری مامۆســـتا بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە.

٢-بواری ئامرازەکانی فێرکردن و سـەرپەرشـتیاری پەروەردەیی و سـتافی باخچەی منداڵان بەشـێوەیەکی گشتی لای خوێندکاری مامۆستا لە ئاستێکی لاوازدایە، بەڵام بوارەکانی پلاندانان و کەسایەتی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە مامۆستا لە ئاستێکی بەزردایە.

## ڕاسپاردە

١-دەرکردنی ڕێبەرێکی گشـــتگیر بۆ پەروەردەی کرداری، کە تێدا پەیڕەو و ڕێســـاکان و قۆناغەکانی پەروەردەی کرداری تێدابێت و ئەرک و مـافەکـانی لایەنی بەشـــداربو لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژەکـانی پەروەردەی بنەڕەت لەخۆبگرێت و وێنەیەک لە ڕێبەریەکە بۆ سەرجەم باخچەی منداڵان.

٢ -زیـادکردنی مـاوەی پەروەردی کرداری تەرخـانکراو لەلایەن کۆلێژەکـانی پەروەردەی بنەڕەتەوە لە

هەشت هەفتەوە بۆ تەواوی ساڵی خوێندن بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ ڕاهێنان لەسەر کارامەیی و لێهاتویی وانەوتنەوە.

٣- زیاترکردنی سەردانی سەرپەرشتیارانی پەروەردیی بۆ لای خوێندکاری مامۆستا بەلایەنی کەم لە چوار سەردانی کەمتر نەبێت.

## پێشنیار:

١-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەسەر ئاستەنگی لێهاتویی وانەوتنەوەی خوێندکاری مامۆستا لە پەروەردەیی کرداری لە قوتابخانەکانی سنوری پاریزگای سلێمانی.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە ڕوانگەی مامۆستا و بەڕێوبەرانی باخچەی منداڵانەوە.

٣-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن لە کۆلێژی پەروەردەیی بنەڕەت.

# Challenges of teaching skills (student teachers) in the kindergarten practical education process from their perspective

**Shalaw Abdullah Ibrahim**

Department of Kindergarten, College of Primary Education, Sulaimani University, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract:**

Practical education is a significant part of the educational and psychological tools represented by vision and practice. This has a positive impact on teacher preparation The second semester is devoted to practice in kindergartens, lasting six weeks. This is a real training opportunity for student teachers to demonstrate their skills and learn many teaching and kindergarten skills that will become a teaching experience in the future.

The aim of this study is to identify the obstacles of student teacher teaching skills in the process of practical education in kindergartens in central Sulaimani, all of which were female. Utilizing a descriptive research method, the researcher employed a measurement tool consisting of 33 items categorized into six areas to identify obstacles to teaching skills among basic education students. The research sample comprised 82 student teachers. Statistical treatment of data was conducted using the SPSS program, facilitating the analysis of collected information and percentage weight. Finally, the researcher came to several conclusions:

1. Level of obstacles to teaching skills Practical education among teacher students is generally high.

2. The field of teaching materials, educational supervisors and kindergarten staff is generally at a weak level among student teachers, but the fields of planning, personality and teaching methods of teachers are at a high level.

**Keywords**: Challenges, Teaching Skills, Student Teachers, Practical Education, Kindergarten.

## سەرچاوەکان

عزیز، کریم احمد (٢٠١٤): بنەما گشتییەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر.

قەرەچەتانی، کریم شـــــریف (٢٠١٤): ســــایکۆلۆجیاو ڕێگاکانی وانەوتنەوە، چاپخانەی پیرەمێرد، چاپی یەکەم، سلێمانی.

کریم، ئاریان فاضـل (٢٠٢٣): ئاسـتەنگە پیشـیەکان لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بابەتی بینین و پراکتیزەکردن و پێشـنیارەکانی چارەســەرکدنیان لە تێبڕوانیی مامۆســتایانی ســەرپەرشــتیار و بەڕێوەبەری قوتابخانەکانەوە، ماســتەرنامە، زانکۆی ســلیمانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بەشــی زانســتە کۆمەڵایەتییەکان، سلێمانی.

محمد، کاوە علی (٢٠١٩) هونەری وانەتنەوەو بەڕێوەبردنی پۆل، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، تاران، ئێران.

مستەفازادە (٢٠٢٢) سەرەتایەک بۆ ڕێگاکانی وانەوتنەوە، دەزگای ڕۆشنبیری جمال عرفان، چاپی یەکەم، هەولێر.

األسريين والية التغلب عليها، رسالة ماجستر (غير المنشوره)، المملكة العربية السعودية.

حمادی، حاتم فياض(٢٠١٩): تقويم أداء الطلبة املطبقني يف كلية الرتبية األســـاســـية من وجهة نظر املختصـــني، المجله الفتح، بغداد–العراق، العدد التاسع والسبعون.

زين العابدين، محمد الهاشمي (١٩٨٧): التدريس االصيل، الشركة التونسية للتوزيع، تونس.

الشـــريده، ماجد على مبارک و عزالدين، ســـحر محمد يوســـف (٢٠١٨): معوقات تطبيق التربية الميدانية من وجهة نظرالطالب والطالبات بكلية التربية جامعة المير سطام بن عبدالعزيز، كلية التربية، جامعة المير سطام بن عبدالعزيز، مجلد رسالة الخليج العربی، العدد،١٥٠.

محمد، حمدی شاکر (٢٠٠٤): علم النفس التربوی، ط١، دار الاندلس للنشرو التوزيع، السعودية.

المسعود، منيرة سليمان أحمد (٢٠١٢): الصعوبات المهنية التي تواجه المرشدين.

الياسري، متمم جمال(٢٠١٩): الكفايات التعليميية المتوافرة لدى الطلبة المطبقين فی كلية التربية للعلوم األنسانية من وجهة نظر المشـــرف التربوی، كلية التربية األنســـانية، جامعة بابل، مجلة كلية التربية األســـاســـية للعلوم التربوية والأنسانية العدد٥٦.

# پاشکۆی ژمارە (١)

## لیستی مامۆستای پسپۆڕ

| ژ | ناوی شارەزایان | پسپۆڕی | پلەی زانستی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د.نیان نامق صابر | فەلسەفەی پەروەردە | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | باخچەی منداڵان – زانکۆی سلێمانی |
| ٢ | نزار شکور شاکر | ئەدەبی منداڵان | پرۆفیسۆر | باخچەی منداڵان – زانکۆی سلێمانی |
| ٣ | جواد نعمت عوزێر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆر | پەروەردەی هونەر- زانکۆی سلێمانی |
| ٤ | نیزام عبدالجبار حسێن | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆر | پەروەردەی هونەر- زانکۆی سلێمانی |
| ٥ | احمد علی حمه بابان | پەروەردەی خێزان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانستە کۆمەڵایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی |
| ٦ | عبدالصمد احمد محمد | دەروونناسی پەروەردەیی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | باخچەی منداڵان – زانکۆی سلێمانی |
| ٧ | ڕزگار حمەلاو خالد | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | مامۆستا | زانستە کۆمەڵایەتیەکان – زانکۆی سلێمانی |